# وێنەی جوڵاو لە شیعری ئێوارەی پاییزی هێمن دا

سۆران بهاءالدين عزالدين
بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلەحەددین - هەولێر

## پێشەکی

هێمن، شاعیری جوانی و ئیستاتیکا، ئەو شاعیرەی لەگەڵ خۆی دەتبا بۆ نێو جیهانە خەیاڵییەکەی، وەك ئەوەی خۆت دیمەنەکان ببینی، وەك ئەوەی لەو پاییزەدا دەستی تۆی گرتبێ و کووچە وکۆڵانی شارت پێبکا.

شیعری هێمن وەك شەپۆلی دەریا بە ئارامی لە پێش چاوان دێن و دەڕۆن، ئەو لە خەمیشدا شەپۆل دروستدەکا، پیسییەکان رادەماڵێ و ناخی روونت پیشاندەدا.

شاعیر لە ئاسۆیەکی دوورەدەستەوە، وێنەی ئاوابووی زەردەی پاییز رەنگین دەکات، باس لەو پەڵە هەورانە دەکات، کە جوانی ئاسمانیان گرتووە، ئەو مەلە لەنێو دەریای مەندی خەیاڵدا دەکا، بە دڵێکی پڕ لە تاسەوە داهێنان لە شیعر و وێنەکانیدا دەکا، رووپەڕەکانی رۆژمێری ژیانی دەگێڕێتەوە، کە پڕن لە وێنەی شاعیرێکی دڵشکاو.

شاعیر کۆمەڵێ وێنە لە دونیای جیاواز پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەوە هێمنە دەتوانێ لە ئێوارەیەکی لاچەپی دوورەدەستدا، لە پاییزێکدا وەك ئەوەی هەموو شتێ خۆڵی مردووی بەسەردا کرابێت، ئەو رووح بەبەریاندا بکات، وێنەی جوڵاویان لێ دروست بکات.

وێنەی شیعری پیشاندەری ناوەڕۆکی شیعرە، ئەو دیمەنەیە، کە خوێنەر بۆ خۆی کەمەندکێش دەکات، وێنەی شیعری وەکو ئاوێنەیەك وایە، کە خوێنەر بیر و خەیاڵ و سۆز وئەندێشەی شاعیری تێدا دەبینێت.

وێنەی شیعری بنیاتێکی سەرەکییە لە دەقی شیعریدا، جەوهەری هونەری شیعرە، واتای شیعر لەوەوە دروست دەبێت، شاعیران لە شیعرەکانیاندا، وێنەیەك دەکێشن، وەك چۆن وێنەکێشێك وێنەی تابلۆیەك دەکێشێت، بەڵام ئەو وێنەیەی شاعیر دوو لایەنی هەیە، ئەوەی لە زیهنی خۆیدا هەیە و ئەوەی لە شیعرەکەدا دروستدەبێت، ئەو وێنەیەش بۆ هەر خوێنەرێك مانایەکی جیاواز دەدات، کەرەستەکانی ئەو وێنەیەش بیر و سۆز و خەیاڵی شاعیرە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، توێژینەوەیە لە وێنەی جوڵاوی شیعری لای هێمن، کە تێیدا رەهەندی واتایی و جوانی و دەروونی تێدا روونده‌کرێتەوە، لە رێگەی وەسف و شیکارەوە دەقەکانی هێمن شیکراونەتەوە، لەو رێگەیەوە شێوازی شاعیر دەرکەوتووە، وێنەکان بوون بە ناسنامەیەکی هێمنی موکریانی.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا (وێنەی جوڵاو لە شیعری ئێوارەی پاییزی هێمندا) کە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە رووی تیۆرییەوە باسی چەمك و پێناسەی وێنەی شیعری و رۆڵ و جۆرەکانی وێنەی شیعری دەکرێت، پاشان بە وردی باسی وێنەی جوڵاو یان وێنەی ڤیدیۆیی دەکرێت. لە رووی پراکتیکیشەوە کە تێکەڵ بە لایەنی تیۆری کراون، باسی ئەو وێنانە دەکرێن، کە هێمن لە قەسیدەی ئێوارەی پاییزدا دروستیکردووە، هەموو جۆری وێنەکانی دەستنیشان دەکرێن، لێکۆڵینەوەکە بە ئەنجام و پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ولیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.

## بەشی یەکەم

### چەمك و پێناسەی وێنەی شیعری

وێنەی شیعری ئەو وێنانەن، کە بە تێکست لە شیعردا دروستدەکرێن، وێنەی شیعری خودی دەقە شیعرییەکەیە، پیشاندەری ناوەڕۆکی شیعرە، ئەو دیمەنەیە، کە خوێنەر بۆ خۆی کەمەندکێش دەکات، وەکو ئاوێنەیەك وایە، کە خوێنەر بیر و خەیاڵ و سۆزی شاعیری تێدا دەبینێت.

وێنەی شیعری بنیاتێکی سەرەکییە لە دەقی شیعریدا "جەوهەری هونەری شیعرە و واتای سەرەکی لەوەوە دروست دەبێت، شاعیر بە یاریدەی خەیاڵ و بە هۆی وشەوە وێنەی بیرۆکەکانی خۆی دەکێشێت، ئەو وشانەی بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی وێنەیەکی شیعری، هەموویان وشەی ئاسایین، بەڵام لە ئەنجامدا پێکهاتەیەکی نائاسایی دروست دەکەن"(1).

وێنەی شیعری کە وێنەی هونەری یان وێنەی ئەدەبیشی پێدەگوترێت، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی(imagery) ی بۆ بەکاردێت، کە بە واتای خەیاڵ دێت، لە زمانی عەرەبی دەیان وشەی جۆراوجۆری بۆ بەکاردێت، کە دیارترینیان (صورة شعرية)یە، وێنەی شیعری "لە سادەترین پێناسەیدا دەکرێ بڵێین کێشانی وێنەیە بە وشە، ئەمەش لە ڕێگای زمانەوە ئەنجام دەدرێت، بەو پێیەی کەرەستەی شیعر زمانە وەك چۆن لە وێنەکێشاندا کەرەستەی یەکەم ڕەنگە و لە مۆزیکدا کەرەستەی یەکەم دەنگە، جگە لە زمان سۆز و ئەندێشە و خەیاڵ ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پێکهێنانی وێنەی هونەری، سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕەگەزانە خۆیان بنەمای سەرەکی دروست بوونی دەقی شیعریین"(2).

وێنەی شیعری هێندە بە بایەخ سەیر کراوە، تەنانەت لە هەندێك باردا، ماناکەی یەکسان بووە بە شیعر "پێناسەی شیعر بەوە کراوە، کە گوتراوە شیعر دەربڕینە بە وێنە یان بیرکردنەوەیە بە وێنە"(3).

وێنەی شیعری "بریتییە لە پێکهاتەیەکی زمانەوانی و هەست و سۆز و جوانی، شاعیر لە گواستنەوەی ئەزموونە زیندووەکانی خۆی بۆ خوێنەر پشتی پێ دەبەستێ، بە شێوەی وشەی وێنەکراوی هونەری، بە سوودوەرگرتن لە خەیاڵ، ئەمەش بۆ جێگیرکردنی واتاکان و کاریگەری لەسەر خود"(4).

ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری لە: زمان، بیر ، ئەندێشە، سۆز پێکهاتوون، ڕۆلان بارت باسی ڕۆڵی وشە لە دروستکردنی وێنەدا دەکات و دەڵێت: "وشە سیحری تایبەتی هەیە لە رووی کاریگەری و واتادا، کە چەند وشەیەك ریز دەکرێن، تۆڕێکی فراوانی ئاڵۆز لە مانای پەیوەندیدار دروستدەکەن، وەك تۆڕێکی جاڵجاڵۆکە وایە، ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە، هەر تاڵێك لە تۆڕەکەدا یەکێك لەو پەیوەندییە واتاییانە دروستدەکا، هەر گرێیەکیش یەکەیەکی فەرهەنگی جیاوازە، زنجیرەیەك واتا لەم چنینەدا دروستدەبێت"(5). لە هەمان کاتدا وێنەی شیعری خۆی ڕەگەزێکی زیندووی نێو بنیاتی دەقی شیعرە، بۆ دروستبوونی وێنە، سروشت و واقیع نموونەی باڵان بۆ ئەوەی چاوی لێبکرێ، واقیع کەرەستەی خاوە بۆ بنیاتنانی وێنە، بەڵام "وێنەی شیعری وێنەیەکی کۆپیکراوی شت و دیاردەکانی واقیع نییە، واتە ئەندێشەی شاعیر بە جۆرێك ئاوێتەی دیمەنی وێنەگیراوەکە دەبێت، کە لە دووبارەکردنەوەی واقیع دووریدەخاتەوە و واقیعێکی داهێنراومان بۆ پێکدەهێنێت"(6).

شاعیران لە شیعرەکانیاندا وێنەیەك دەکێشن، وەك چۆن وێنەکێشێك وێنەی تابلۆیەك دەکێشێت، بەڵام ئەو وێنەیەی شاعیر دوو لایەنی هەیە، ئەوەی لە زیهنی خۆیدا و ئەوەی لە شیعرەکەدا، ئەو وێنەیەش بۆ هەر خوێنەرێك مانایەك دەبەخشێ.

شاعیران لە واقیعەوە بیرۆکەکەیان بۆ دێت، پاشان ئەو بیرۆکەی، کە هەیانە لە ڕێگەی زمان و ئەندێشە و بیر و سۆزەوە ئاوێتە دەبن و وێنەیەکی نوێی بۆ دادەڕێژن، واتا ئەو وێنە شیعرییەی دروستی دەکا، چیدی وێنەکەی نێو سروشت نییە، بەڵکو تێڕوانینی شاعیرە بۆ جیهانە خەیاڵییەکەی خۆی "وێنەی شیعری لە چەند ڕەگەزێکی بنیاتی پێك دێت، گرنگترین ئەم ڕەگەزانەش: زمان و شێوەکانی ڕۆنانی، مۆسیقا بە کێش و ریتمەوە، ئاماژەو ئەو هەست و ڕوانگە و وێنە بێ سنوورانەی لێوەی هەڵدەقوڵێن"(7).

وێنەی شیعری تەواوکەری فەزای دەقە شیعرییەکە، ئەگەر شیعرەکە باسی دابڕان و دووری بێت، وێنەیەکی هاوشێوەی خەزانی پاییز و لێکدابڕان دروستدەکا، نەك وێنەیەکی پێچەوانەی ناوەرۆکی شیعرەکە بێت.

وێنەی شیعری لە شیعری نوێ و کلاسیکدا جیاوازە، لە کۆندا جوانی بە لای شاعیرەوە ئەوە بوو "کە هەستەکان رازی بکات، ئەم ئارەزووە هەستییە خۆی بەسەر وێنەی شیعریدا سەپاندبوو، تەنیا ئەوە بەلایەوە گرنگ بوو، ئەو وێنەی دروستی دەکات زۆر لەو وێنەیە بچێت، کە پێی دەچوێنێت (یان لە خەیاڵیدایە)، ئەمەش کاتێك دەتوانێت کە وێنەی هەستی بەکاربهێنێت. بەڵام وێنە لە شیعری نوێدا، فەلسەفەی ئیستاتیکای خۆی هەیە، دیارترین سیفەتی (چالاکی)یە، پێشتر (وشە) کەرەستەی گوزارشت بوو، بەڵام لە شیعری نوێدا (وێنە) کەرەستەی گوزارشتە، کە دیمەنێکی زیندوو دەگوازێتەوە و ئەزموونێکی مرۆڤایەتی کورت دەکاتەوە، لە شیعری نوێدا جوانی ڕەگەزەکان یان ناشرینییان هیچ گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە وێنەکە بە گشتی گوزارشت لە هەستە ڕاستگۆکان بکات و بە شێوەیەکی ورووژێنەر بیانگوازێتەوە"(8).

**ڕۆڵی وێنەی شیعری**

شیعر لە کۆمەڵە وێنەیەك پێکهاتووە، واتا بۆ ئەوەی بە تێکستێك بگوترێ شیعر، دەبێ وێنەی شیعری هەبێت، شاعیر چەند وێنەیەك دروستدەکا، پاشان ئەو وێنە تاکانە لەگەڵ یەکتر وێنەیەکی تەواو یان وێنەیەکی لێکدراو دروستدەکەن "وێنەی شیعری ڕۆڵێکی بەرز وکاریگەر دەبینێ لە پێکهاتەی هەموو شاکارێکی شیعری نەمر و پڕ داهێنان"(9).

وێنەی شیعری "پێداگری لەسەر دوو خاڵ دەکات و لەسەری رادەوەستێ، یەکەم: شاعیری مەزن و لێهاتوو لەوانەی دیکە جیادەکاتەوە، دووەم ئاشکراکردنی پەیوەندی ئەو ئامرازە هونەریانەی شاعیربەکاریدێنێ لەگەڵ دەروونی خۆی"(10).

وێنەی شیعری لە بنیاتی دەق شیعریدا هێندە گرنگە، خاڵی بەهێزی دەق و مانەوەیەتی "بنیاتی هونەری لە شیعردا شێوازێکە بۆ دۆزینەوەی مانا و گەیشتن بە ناوەڕۆکی شیعر، بە مەرجێك ڕەگەزەکانی چڕوپڕو هاوپەیوەست بن، ئەو کاتە ئەو شیعرە دەچێتە خانەی شیعرییەوە لە نێو دنیای شیعرییەتی شاعیردا بە نەمری دەمێنێتەوە"(11).

بۆیە وێنە لە شیعردا ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێ (12):

-گواستنەوەی بیر و هەست و سۆزی شاعیرە بۆخوێنەرانی، لەو ڕێگەیەوە خوێنەران بۆ نێو جیهانی خۆی دەبات.

-خوێنەری کارامە لە ڕێگەی وێنەوە هەڵسەنگاندن بۆ دەقەکان دەکات.

-رازاندنەوە و جوانکردنی دەقی شیعری، کە هونەرەکانی رەوانبێژی بە گشتی و خوازە بە تایبەتی لەم بوارەدا رۆڵ دەگێڕێت، وێنە لە توانایدایە ئەو شتانەی لە دەرەوەی دەق دژ بە یەك یان دوور لەیەکن بتوێنێتەوە و وایان لێ بکات وەکو یەکەیەکی تەواو و پێکەوە گونجاو دەربکەون، تەنانەت وێنە دەتوانێ جوانییەکانیش ناشرین و دزێو بکات.

-زۆرجار وێنە دەبێتە هەوێنی لەدایکبوونی وێنەی شیعری دیکە، وەك زنجیرەیەکی بەدوایەکدا هاتوو، لەدایکبوونی هەریەکەیان دەبێتە سەرەتایەك بۆ ئەوانەی دوای خۆی. وەك لە قەسیدەی ئێوارەی پاییزی هێمندا، هەر بەیتێکی هۆکاری لەدایکبوونی بەیتێکی دیکەی دوای خۆیەتی و زنجیرەیەکی نەپساو و بەدوایەکدا هاتووە.

-گوزارشتکردن لەو واتا و دۆخانەی، کە جگە لە وێنە بە هیچ شتێکی دیکە گوزارشتیان لێ ناکرێت، نواندنی واتا و حاڵەتە یاخی و شاراوەکانە.

ئەگەر وێنەی شیعری لە دەقدا ڕۆڵی بنیادنان بگێڕێ، ئەوا لە رەخنەی ئەدەبیدا "وێنەی شیعری وەك ئامرازێکی رەخنەیی و پێوەرێکی گرنگ بەکاردێت، کە ڕێگا بە رەخنەگر ئەدات، بە ناخی دەقدا تێپەر بکات و نهێنییەکانی جیهانی دەق بەدی بکات"(13).

وێنەی شیعری پردی نێوان شاعیر و خوێنەرە "وێنەی شیعری یارمەتیدەرە بۆ بەگەیشتنی بینین لە نێوان دیمەنی هونەری و خوێنەردا، بە مەبەستی کارتێکردن لە هەست و سۆزدا"(14).

بە بۆچوونی رەخنەگرانی کۆنی عەرەبی "وێنەی شیعری بنچینەیەکی گرنگە بۆ جیاکردنەوە و بە بەرزتر راگرتنی شاعیران، هیچ شاعیرێ بە پێش ئەوانەی دیکە نەکەوتووە، مەگەر هۆکارەکەی توانا و پەیوەستبوون بێ بە وێنەی شیعری زیاترەوە، تەنانەت زۆرلە رەخنەگرانی کۆن و نوێ لەو باوەڕەدان، وێنەی شیعری مەیدانی چالاکی شاعیرە، لێهاتوویی و بەهرەی شیعری خۆی تێیدا دەردەخا"(15). وێنەی شیعری ڕۆڵی فرە رەهەند لە دەقدا دەبینێت، بۆ دەق یەکێکە لە بنیاتەکانی، بۆ شاعیر هێز و بەردەوامی، بۆ خوێنەر جوانی و بەچێژی، بۆ رەخنەگر پێوانەیەکی هەڵسەنگاندنە، بەرزی و نزمی دەقی پێ هەڵدەسەنگێنرێت.

**وێنەی شیعری لای هێمن**

بەشێکی بەرچاو لە بەرهەمەکانی هێمنی موکریانی (1921-1986) رەنگدانەوەی ژیان و گوزەرانی خۆیەتی، تێکهەڵکێشن لە حەسرەت و هیوا و خۆزگە، لەگەڵ ئەو ژیانەشدا، هەر جوانی لە شیعرەکانی دەتکێ، کە دەڵێی هێمن، واتا عیشقی جوانی، هەر ئەو عیشقەی هۆکاری ئەوەیە، شیعری هێمن وێنەیەکی جوانتر لە وجود بەرهەم بێنێ "هێمن توانیوێتی بە سەلیقەیەکی جوان و تێڕوانینێکی وردی فەلسەفیانە ناخی جوانی بخوێنێتەوە و زیرەکانە هەموو تەم و مژێك لە ڕووی شتە جوانەکان بڕەوێنێتەوە، وەك مەلەوانێکی شارەزا بە قوڵایی دەریای ڕاستی و کاریگەری جوانیدا بچێتە خوارەوە. بەشێوەیەك گیان و جەستەی وەها لەگەڵ جوانیدا تواندۆتەوە و ئاوێزانی یەکتر بوون و ڕەنگ وبۆنی یەکتریان گرتووە"(16).

وشە لەبەردەستی ئەو نەرم و شل بووە، وەك ماددەیەكی خاو بووە، ئەو چۆنی ویستبێ، بەرهەمی لێ دروستكردووە، بۆیە وێنەی شیعری لای هێمن "داهێنان وگۆڕانگاری پێوە دیارە وجوانی وڕازاوەیی و زیندوویەتی تێدا بەرجەستە كردووە"(17).

ڕەووف بێگەرد كە سەردەمانێك لەگەڵ هێمنی موكریانی پێكەوە ژیاون، ئەو باری خەمی و گریان و بۆكڕووزی دڵی هێمنی بینیوە و دەڵێت: "مام هێمن زۆرجار فرمێسكی لە چاوان بە قەتیس دەوەستا. یان دڵۆپەكان هوروژمیان دەهێنا و دادەكەوتن، یادگارەكانی زیندووتر دەبوونەوە، ئێمەی لە خۆی و خۆی لە ئێمەدا دەبینی"(18).

ئەو بۆ كێشانی وێنەیەك، بۆ ئەوەی چوارچێوەیەكی دیاری هەبێت، سوودی لە هەموو هەستەكانی (بینین، بیستن، چەشتن، بەركەوتن، بۆنكردن) بینیوە، فرمێسكی كیژێ وەك مرواری لەبەرچاوان بووە، دەنگی قاقایەك لە كاتی حەسرەتی ئەودا، هەموو دەمارەكانی گرژ كردووە، بۆنی چرە دووكەڵ مێشكی ئەویان ئاڵۆزكردووە.

بۆ ئەو دەربڕین و وێنە شیعریانەشی، زمانە بتەوەكەی فریای هێمن كەوتووە "زمانێكی كوردی پەتی بەكارهێناوە، كە دوورە لە وشەی بێگانە، ئەو زمانە زمانێكی ڕوون و ئاشكرایە وئەو هونەرە ڕەوانبێژیانە تێكستەكەیان جوان كردووە"(19).

هێمن زمانزانێكی بە توانا بووە، لە وەسفدا دیمەنی جوانی ئەفراندووە، لە نامەیەكدا، كە لە بەرانبەر ئەو دیارییەی بۆی نێردراوە، كە كتێبێك بووە، هێمن بەمشێوەیە ڕێز لە دیاریەكەی دەگرێت، لە ڕێگەی ئەو نامەیەوە باشتر زمانی وەسفی ئەو ڕووندەبێتەوە، توانای ئەفراندنی وێنەی شیعری ئەو دەردەكەوێت: "دیارییە بە نرخەكەت گەیشت، ماڵت ئاوەدان بێ وەك ماڵی وێرانی منت ئاوەدان كردەوە، دەستت نەرزێ وەك ئۆخژنت خستە نێو دڵ و دەروونی ئاگرینم. هەر خۆش بیت وەك خۆشیت هێناوە بۆ لای من. لە مێژ بوو ماڵەكەم چۆڵ و هۆڵ و بێ هەست و خوست بوو، وەك مەكۆی دزان چرای لێ نەدایسا. وەك دەروونی تاوانباران تاریك و تنووك بوو و وەك بسكی نازداران ئاڵۆز و پەشێو. كەس سەرانسوێی نەدەكردم، كەس دەركی لێ نەدەكرمەوە ئەگەر مێوانم هاتبا، خەم بوو، پەژارە و كەسەر و دەرد و ژان و ئازار و خەفەتیشی بەدواوە بوون. هەموو شەوم شامی غەریبان بوو و هەموو ڕۆژ بەرەبەیانی لەداردان. بەڵام لە سایەی ڕەنجی زانایانە و بەفیرۆ نەچووی تۆوە دیسان شادی بەماڵم بەربۆتەوە. خەم بۆی دەرچوو و دیزەی ڕەشم لە دوو شكاندووە"(20).

هێمن بە ڕووخانی كۆمار و ژێردەستەیی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، لە شار و زێدی خۆی تارابوو، بنە و بارگەی لە باشووری كوردستان دانابوو، ئەو لە میحنەت هەڵاتبوو، وەلێ هاتبووە لای كەسانێك لە خۆی دڵشكاوتر و كۆستكەوتووتر، لەو حاڵەی هێمنی دڵناسك و پەرۆشدا هەرچاوەڕێی، بەرهەمی ناسۆری ئێوارەی پاییزی لێ دەكرێ.

### ئێوارەی پاییز ڤیدیۆیەكی تۆمارنەكراو

قەسیدەی ئێوارەی پاییز 80 بەیتە، هێمن لە دیوانی (ناڵەی جودایی) بڵاویكردووەتەوە، لە شێوازی چیرۆكە شیعر نزیكە، شاعیر چیرۆكی خەیاڵی خۆی دەگێڕێتەوە.

لە ئێوارەی پاییزدا وێنەیەكی فۆتۆگرافی وەرزی پاییزی كێشاوە، دەتوانین جوڵە بە ڕوحی وێنەكاندا بكەین و بكرێنە بەڵگەفیلمێك لە سینەماكان نمایش بكرێ، بڵێی ئا ئەوە پاییزی ساڵی 1974ی هێمن بوو، پاییزی كوردستان بوو. " ئێوارەیەكی خەمباری پاییزییە، نۆبە دەسەڵاتی زریان و هەڵوەدابوونی گەڵا هەڵوەراوەكانە. وەك چەلان بە شل و شەویقی جلەكانی دەبەر دەكا. دەیەوێ وەدەركەوێ و لە شوێنێكی دوور كۆڵ و كۆی هەڵڕێژێ. لە وڵاتی نامۆ دایم و دەرهەم غەمێك لەسەر شانی غەریبانە كە وەك سێبەر بەدوایانەوەیە"(21).

ساڵانی تەنیایی و دووری و ئاوارەیی، هەوێنی لەدایكبوونی ئەو قەسیدەیەن، نهێنی جوانی ئێوارەی پاییزە لە خودی ئەزموونی شاعیرە، چونكە "شاعیر هەمیشە ئەو شتانە هەڵدەبژێرێت، كە پەیوەندییەكی بەهێزی لەگەڵ خودی خۆیدا هەیە"(22). دووری بۆ هێمن ئەزموونێكی گەورە و خولقێنەری شیعرەكانێتی، ئەو تابلۆیانەی لە شیعری ئێوارەی پاییزدا نەخشێنراون، دونیایەكی جیاواز و لە هەمان كاتیشدا هەر دوو بەیتێكی مانایاكی سەربەخۆیان هەیە.

هێمن یەکێکە لەو شاعیرانەی کە شیعرەکانی دەربڕی ناوەرۆك و ژیان و گوزەرانیەتی، لە ئێوارەی پاییزدا شاعیر خۆی وەك کارەکتەری گێڕەوەی ئەو ئێوارەیە داناوە، خود لای ئەو هەوێنی شیعرەکانیەتی، ئەو قەسیدەیەی ڕەنگدانەوەی خەم و حەسرەت و ئومێدی ڕۆژگارێکی بە زۆر لەخۆکردن بووە، کە لە کۆتایی شیعرەکانیدا تروسکایی خۆزگە و ئاسۆ پیشاندەدا.

لە داڕشتنی ئێوارەی پاییزدا، هێمن زۆر سەرکەوتووانە وێنەکانی پێکەوە گرێداون، هەمووان بە دوای یەکدا وەك زنجیرەیەکی نەپساوە بەدوای یەکدا هاتوون.

وێنەی شیعری لە قەسیدەی ئێوارەی پاییزدا، چالاك و کارا و زیندوون، شاعیر سەرکەوتووانە ئەندێشەی خۆی هۆنیوەتەوە، وێنە چالاك لەو شیعرەدا وەڵامی تامەزرۆیی خوێنەر دەداتەوە "وێنەی چالاك: ئەو وێنەیەیە، کە ئەرکی هونەری خۆی لە دەقدا بەجێدەهێنێت و دەبێتە ئامرازێك بۆ پەرەسەندنی وێنەکان و دۆزینەوەی بابەتەکە و بەرجەستەکردنی دۆخ و هەڵوێستەکان"(23).

هێمنی دڵناسك، بەهانە بە پاییز دەگرێ و هەموو کرێتییەکان لەودا دەبینێ، چونکە لە پاییزدا خەزانی گوڵ و گەڵا و لق و پۆپ و دار و دەوەنە "وەرزی پایز لای شاعیرانی ڕۆمانسیزم بە گشتی و لای هێمن بە تایبەتی بەشی شێری وەرگرتووە و پانتایەکی فراوان و گەورەی هەیە، چونکە ڕەنگ و ڕوخسار و سیماکانی ئەم وەرزە کۆك وتەریبە لەگەڵ دەروونی تاریك و خەماوی شاعیر"(24).

لە ئێوارەی پاییزدا وێنەی مرۆڤێکی تێکشکاو، ئەمما خۆڕاگر و خاوەنی ئاسۆی روون پیشاندەدا، لەو ئێوارەیەدا کوردێکی بێدەرەتان، ماڵوێران، مات و کڵۆڵ، نائومێد و ژیان شێواو، تەنیا تروسکاییەکی ئومێد هەیە لە داهاتوودا "شاعیر لە هۆنراوەی (ئێوارەی پایز) هەناسەی پڕ خەم و ئێش و ناسۆری خۆی لە تابلۆی ئێوارەیەکی پایزدا بە ڕەنگ و ڕوخسارێکی کز و ڕووت و مات و زەردی خەزانە دەربڕیوە. گوزارشتی لەو پایزە ڕەش و شوومە کردووە و لە فرمێسکی گەش و پەڵە هەورێکی چڵکن و شەوگاری تەنیایی و دوور و درێژی نائومێدی شیعرێکی ڕۆمانتیکانەی داڕشتووە و وشەکانی لە ڕەنگی گەڵای سیس و ژاکاوی ئەو گوڵ و گوڵزار و درەختانە پێك دێت کە سەرما و تۆفان و ڕەشەبای بێبەزەییانەی ڕۆژگار هەڵیوەراندوون و بەرەو ئۆقیانووسێکی بێ ئومێد و نادیار ڕاپێچی کردوون"(25).

ئەو قەسیدەیەی هێمن وەك ڕووبارێکە، کە شەپۆل دەدا و خوێنەریش وەك مەلەوانێك یان کەشتیوانێك بە ناویدا تێپەڕ دەبێت، لەگەڵ هەر شەپۆلێکدا خوێنەر بە خەم و میحنەتێکی نوێ ئاشنا دەکات، شاعیر خۆی وەك کارەکتەری گێڕەوەی ئەو شەپۆلانە داناوە "لە ئێوارەی پایز بە ڕوونی و ڕاشکاوی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە دزێوانەی کۆمەڵگەی چینایەتی ڕیسوا دەکات"(26).

**بەشی دووەم**

**جۆرەکانی وێنە لە رووی هەستەوە:**

مرۆڤ لە ڕێگەی پێنج هەستەوە درك بە شتەکانی دەوروبەری دەکا، بۆیە هەر یەك لەو هەستانە بە ڕادەی جیاواز ڕۆڵیان لە پێکهێنانی وێنەی شیعریدا هەیە، بە تایبەتی هەستی بینین لە پێکهاتەی شیعردا ڕۆڵی زیاتر دەبینێ، هەستەکان بەهێزترین ئامرازی شاعیرن بۆ چنینی وێنەی شیعری(27).

**1- هەستی بینین:** ئەو وێنانەن کە بەر هەستی بینین دەکەون و دروستدەبن، شاعیران دیمەن و وێنەی شیعری بە جۆرێك دروست دەکەن، ئەوەی خۆیان بینیویانە یان لە زیهنی خۆیاندا هەیە، وادەکەن خوێنەریش ئەو هەستەی هەبێ و ببینێت، خوێنەر لە ڕێگەی هەستی بینینەوە چێژ لە دەقەکە دەبینێ، چونکە چاو لە هەستەکانی دیکە زووتر درك بە دیمەنی دەوروبەر دەکات "گەنجینەی شاعیران لە وێنەی بینراودا لە هەموو هەستەکانی تر دەوڵەمەندترە، بەو پێیەی ڕۆژانە سەدان شت و دیاردە و بە ڕەنگ و شێوەو قەبارەی جیاوازەوە دەبینین"(28).

لە ئێوارە پاییزەکەی هێمندا زۆرینەی دیمەنەکان، 35 دووبەیت لە کۆی 40 دووبەیتدا بەر هەستی بینین دەکەون، شاعیر لە ڕێگەی هەستی بینینەوە دروستیکردووە، یان لە ڕێگەی بینینەوە هەست بە وێنە شیعرییەکەی دەکرێت، جگە لە دروستکردنی وێنەی شیعری لە ڕێگەی هەستی بینینەوە، وشەی وەك تەماشاکردن، چاوتێبڕینیش بەکاردێنێت.

شاعیر لە بەیتێکدا وێنەیەکی خۆی لە نێو پاییزدا، وێنەی پاییز لە نێو خۆیدا دەنەخشێنێ، ئەو کە دەڵێت: (تەماشای هەر شتێ دەکەم)، بەو واتایەی شاعیر جوڵەیەکی زۆری کردووە و لە زۆر شتانی روانیوە، لەو پاییزەدا هەموو جوانییەکان بزربوون، وێنە لە دوای وێنە دزێوی ریزی گرتووە:

تەماشای هەر شتێ دەکەم

ڕەنگی پاییزی گرتووە

جوانی خۆی لێ شاردوومەوە

دزێوی ڕیزی گرتووە (29)

ئەمجارە شاعیر وێنەیەکی وەستاوی خۆی پیشاندەدا، دوای ئەوەی وەڕس دەبێت هێندە سەیری دەوروبەری بکات، ئەمجارە لە گۆشەیەکدا سەری هەڵدەبڕێ و لە ئاسمان دەڕوانێ، ئەو لەدوای جوانی دەگەڕێ، بەڵام جوانی وەك ئەوەی چاوشارکێی لەگەڵ بکات، خۆی لێ دەشارێتەوە و خەمێکی دیکەی پیشاندەدا، هێندەی دیکە دڵتەنگی دەکا، بۆیە شینی ئاسمانیش بۆ شاعیر هەر زیادکردنی ماتەمە، لە ژێر ئەو ئاسمانە شینەدا هەزاران بیرەوەری تاڵ و تفت هەن، چاوتێبڕینی شاعیر بۆ ئاسمان هەڵدانەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی رۆژگارێتی.

چاوم لە ئاسمان بڕی

دڵم هێندەی دیکە گیرا

گەلێك بیرەوەریی کۆنم

لەپڕ هاتنەوە بەبیرا

ئەو تروسکەی هیوایەی کە لە دڵی شاعیردا ماوەتەوە و دوای 79 بەیت، چارەڕەشی لە کۆتایی قەسیدەکەیدا دەینووسێ، ئەویش لە رێگەی هەستی بینینیەوە، روانینە لە دوور، لە ئاسۆی هەڵاتنی خۆرێکی نوێ، بەڵکو رۆژێك پێی بگات:

گوتم: کەوابوو، ئاشنا

بەشی ئێمە لەنێو چوونە

گوتی: نا، نا، دووربڕوانە

دووربڕوانە، ئاسۆ ڕوونە

2- **هەستی بیستن:** ئەو وێنە شیعرییەیە، کە شاعیر بە جۆرێك دروستی دەکا، کە خوێنەر لە رێگەی هەستی بیستنەوە دركی پێ بکات، ئەوەش دەنگەکان دەگرێتەوە، دەنگی مرۆڤ و ئاژەڵ و جریوە و چریکەی باڵندەکان و ئاوازی نەی و هاژەی رووبار و خوڕەی ئاو و هەورە بروسکە و هاوار و قیژە و ناڵە و گرمە و تەپەتەپ و هۆڕە.. ئەو دەنگ و ئاوازانەی شاعیران دەیبیستن و وێنەی شیعری لێ دروست دەکەن، شاعیر وێنەیەکی لێ دروستدەکا، وەك ئەوەی خوێنەری خۆی ئەو دەنگەی بیست بێت، تێکەڵ بە جیهانییەکەی شاعیر دەبن.

لە قەسیدەی ئێوارەی پاییزدا بەهرەی هێمن لە دەنگ و بیستن دەردەکەوێ، ئەوە چ گوێگرتنێکی هونەرییە کە هێمن هەیەتی؟ ئەو هەموو دەنگە جیاوازە، ئەو هەموو ئاوازە لە یەك قەسیدەدا کۆبکرێنەوە، دەیان ساوند ئیفێکت، کە وێنەی جوڵاو و زیندووەکان چالاکتر دەکەن.

هێمن لە دەنگی هەنسك و گریان و هەڵقرچان و لاواندنەوە، لە دەنگی قیژە و سامناکی شەوانی ئەنگوستەچاودا، سەمفۆنیایەکی خەمگینی ژەنیوە، پڕە لە هارمۆنی، مایسترۆ و ئۆرکێسترا و میوزکژەنی بە بەهرەی دەوێ ناخی گڕگرتووی هێمن بکاتە پارچەیەك میوزیك.

ئەمانە بەشێکن لە دەنگەکان: (زریان، فڕە و جیکە، شەپۆلێك مۆسیقا، توند قیژان، قاقا، دەنگێکی لەرزۆك و نەرم، بەسپایی، پێکەنین، هەنسك، ڕەشەبا، ناڵە، بە کوڵ، سینگ کوتان، نووکەنووکی بێوەژن، هانەهانی ماندووان، زیرەزیرڕی منداڵان، نووزەی نیوە زیندووان، نەڕەنەڕی جەلادان، قرمەقرمی شەست تیران، ویرەویرڕی قەمچییان...).

هێمن یاری بە وشە دەكات، لە هەموو ئاستەكانی زمان بە چڕیەوە تاوەكو قیژان، لە نووزەوە تاوەكو نەڕە نەڕ، لە دەنگی لەرزۆكەوە بۆ قاقا و ویرە ویری زاڵمان، هێمن هانە هانی ماندووان دەبیستێ، هەنسك و ناڵە و نووكەنووكی بیوەژنێ گوێچكەی كاس دەكەن، ئەو لە ئاوازی میوزیك و دەنگی باڵندەكان وێنەی زیندوو دروستدەكا، ئەوە هێمنە بەرزی و نزمی دەنگ لە یەك چیرۆكدا دەگێڕێتەوە.

هێمن بە دەنگی گەنجێكی رووتەڵە عاجز دەبێت، ئەو دەنگە جوانی كچێكی نازدار دەشارێتەوە، ناچارە دەرگا دابخات و شوێنەواری جوانی لەبەرچاوان ون دەبێ، دەبێت ئەو دەنگە چەند هێمنی ئەزیەت دابێ: بە بەدفەڕی توند قیژاندی:

نازدارێكی چارشێو بەسەر

بەتەنیشتمدا تێپەڕی

بەغار هات وتوند قیژاندی

رووتەڵەیەك بە بەدفەڕی

هێمن لەو واقیعە هەڵدێت و خۆی لە بیر دەكا و لە نێو دەریای مەندی خەیاڵدا نغرۆ دەبێ، لە جیهانێكی هێندە كپ و ماتدا دەبێ، دەنگە لەرزۆكەكانیش دەبیستێت:

خەیاڵم ببوو بە وشە

نەمزانی كەس بەدوامەوە

دەنگێكی لەرزۆك و نەرم

بەسپایی جوابی دامەوە

ئەوەی هێمن ئازار دەدا، ئەوەیە لێ ناگەڕێن لە نێو ئەو دەردەسەرییەی خۆی بتلێتەوە، دەنگی قاقایەكی ستەمكارانە دڵ و گیانی دەكات بە خوێن، دیمەنەكە ئەوەندە بە ئازارە، وێنەیەكی جولاو لە رێگەی كورتبڕییەوە دروستدەكا، وەك بروسك پیشانی دەدا، لە جیاتی ئەوەی بڵێ ئەو دەنگە هێندە ناخۆشە، یەكسەر بە نیوە بەیتی دوای ئەوە، دەردەكەوێ ئەوە قاقا نەبووە، ئەو گوللەیەك بووە و گۆشت وئێسك و دەماری ئەوی پێكاوە:

دوور قاقایەكم گوێ لێ بوو

دەتگوت گوللەم پێوە دەنێ

چۆن بە ئێوارەی پاییزیش

ئی وا هەیە پێ بكەنێ!

3- **هەستی بۆنكردن:** شاعیر بۆ دروستكردنی وێنەی شیعری پەنا بۆ هەستی بۆنكردنیش دەبات، سوود لەو شتانە دەبینێ، كە بۆنیان دەكا و لە هزر و هەستی ئەودا دەمینێتەوە، چێژ لە بۆنی دەبینێ، وەك چۆن بۆنی یوسف بۆ زولێخا و بۆنی كراسەكەی یوسف بۆ یەعقوب چەندین قۆناخ تەی دەكا و دەبێتە فریادرەسی بینایی، بۆیە بۆن تا ئێستاش هەوێنی دەیان دەقی شیعرییە.

لە رێگەی بۆنەوە خوێنەر زیاتر تێكەڵی دەقەكە بێت، بە هەموو هەستەوەرەكانی درك بە وێنە شیعرییەكە دەكا، وەك بۆنی سروشت، گوڵێ، درەختێ، كچێ.. یان بۆنی بۆمب و گوللە وبارووت و چرە دووكەڵ و سێوی كیمیاباران..

لە ئێوارەی پاییزدا، هێمن دەیەوێت خوێنەر لەگەڵ خۆی هاوبەش بێت، وەك ئەوەی خۆی لە نێو دیمەنەكاندا ژیا بێت، دەیەوێ بۆنی سووتانی دڵ و بۆكوڕووزی خاكی وڵات و چرە دووكەڵێ كە نیشتمانیان وەك تەم و مژ داگرتووە، بۆن بكەن، شتێك ببێت بە سووتماك و زیان و زەڕ، بۆنی ئەو وێرانەیە، هەموو دەوروبەری داگیردەكات:

بە بۆكوڕووز بە چرە دووكەڵ

بە هاڵاو، بەگڕ، بەئاگر

بە تەم، بە مژ، بە هۆڕە، بە دۆك

بە تۆفانی وڵات داگر

**4- هەستی چەشتن:** نزیکترینە لە مرۆڤ، هیچ مەودایەك لە نێوان مرۆڤ و شتە تامکراوەکە نامینێ، دەبێ بە بەشێك لە مرۆڤ، لە ڕێگەی چەشتنەوە شیرینی و تاڵی و ترشی و تفتی و سوێری شتەکان هەست پێدەکرێن، شاعیر بە جۆرێك وێنەکە دروستدەکا، کە لە ڕێگەی چەشتنەوە هەستی پێ بکرێت.

ئەو چەشتن و تامەی لە ئێوارەی پاییزدا هەیە، هەموو چەشتنی مەعنەوین، چەشتنی ژەهراوی تاڵی جودایی، چەشتنی ژەهری مەرگە لە شەوگاری تەنیایی، هێمن ئاخ بۆ ئەو چەشتنە هەڵدەکێشێت:

ئاخ، دیسان چوومە ژێر باڵی

ڕەشی شەوگاری تەنیایی!

ئاخ، دەبێ دیسان بچێژم

ژەهراوی تاڵی جودایی!

**5- هەستی بەرکەوتن:** ئەوەیە، کە شاعیر وێنەیەك دروستدەکا، تەنیا لە ڕێگەی بەرکەوتنەوە درکی پێدەکرێت، بۆ نموونە شاعیر وێنەیەك دروستدەکا، کە چۆن دەستی لە زوڵفی یارەکەی داوە. ئەوە تەنیا لە ڕێگەی بەرکەوتنەوە دەبێت، لە ڕێگەی ئەو هەستەوە مرۆڤ هەست بە ساردی و گەرمی و ڕەقی و نەرمی و زبری شتەکان دەکات.

ئاخ و داخی هێمن کۆتایی نایەت، دەستلەملان و لە باوەشگرتنی نوێنی شڕ و شەپڕیو، لە ژووری سارد و سڕ و تەنیاییدا کۆتایی نایەت، کێ هەیە ئەو دیمەنانە بخوێنێتەوە، شاعیری بە ماتومەلوولی، کز و داماوی، بە بێکەسی نەیەتە پێشچاو؟:

ئاخ، دیسان دەبێ ڕابوێرم

لە ژوورێکی سارد و سڕدا!

دەگەڵ ئازار دەستەملان بم

تا بەیان لە نوێنی شڕدا!

وەنەبێ ئەو هەناسە ساردییەی هەژاران، ستەمکار بەخەبەر بێنێ و ڕۆژگاری تەمداگرتووی وڵات چارە بکا، بەڵکو کۆشکیان گەرمتر و شەوانیان ئاوەدانتر دەکا، لە بەرانبەردا نەداران هێندە برسی بوونە، لەش و لاریان ڕەق بووە، ئێسکی سك و پشتیان دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەو وێنەیە، هەستی بەرکەوتنی پەنجەی ستەمکاران بە نان و خوانیان دەکێشێ، برسییەتی خەڵك چێ پارووی ئەوان نەرم دەکات :

هەناسەی ساردی ئاواران

کۆشکی ئەوان گەرم دەکا

لەشی ڕەق و زگی برسی

جێ پاروویان نەرم دەکا

هێمنی دڵ ناسك چۆن بەرگەی ئەو دیمەنە دەگرێ؟ چی لەدەستدێ؟ مەگەر سەر هەڵگرتن نەبێ، لە بەرکەوتنێکی مەعنەوی دا، لەگەڵ زام و دەرد و ئێشی سەرپێکەوە دەنێ، شەوانی درێژی پاییز بۆ شاعیر شەوانی عیشق و خۆشەویستی نییە، شەوانی شەونخۆنی و ژیانە لەگەڵ برینەکانیدا:

دەڕۆم تا سەر پێکەوەنێم

دەگەڵ زام و دەرد و ئێشم

دەڕۆم تا شەوێکی پاییز

من شەونخوونی بکێشم

**شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو لە وێنەی شیعریدا:**

**بەکەسکردن (التشخیص):**

لە وێنەی بەکەسکردندا تایبەتمەندی مرۆڤ بە شت دەبەخشرێ، واتا بەکەسکردن بریتییە "لە پێدانی خاسیەت و سیفات و هەست و سۆز و جموجۆڵی مرۆڤ بە پێکهاتەیەکی سروشت، هەر لایەنێك لە سروشت وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت"(30).

یەکێك لە جۆرەکانی وێنەی شیعری لە رووی بنیاتەوە، بەکەسکردنە (التشخیص)، کە خەیاڵی فراوانی شاعیرە و لەو رێگەوە "هەڵدەستێت بە خستنەسەری سروشتی مرۆڤی، یا زیادکردنی تایبەتمەندی ئادەمیزادە بۆ سەر ئەو شتانە یان ئەو بوونەوەرانەی کە مرۆڤ نین، زیندووبن یان بێ گیان ژیری بن یاخود بەرجەستەیی"(31).

شاعیر لە بەکەسکردندا دەکرێ وێنەی بەردێ پیشان بدات، وەك مرۆڤ بڕوا، شاخێك وەك پیرە پیاوێکی بەساڵاچوو کووڕ بێتەوە، دارێك بۆ نەمانی باڵندە وجوانی بگریێت.

هێمن لە رێگەی بەکەسکردنەوە وێنەیەك پیشانی خوێنەر دەدا، بۆ تیشکخستنە سەر دوو لایەن، یەکەم: ئەو حاڵەتە نەخوازراوەی کە گەلەکەی لەو سەردەمەدا تێکەوتووە لە نەهامەتی و نەگبەتی، دووەم: لایەنی دەروونی شاعیرە، لێرەدا بەکەسکردن (زام و دەرد و ئێش)ە وەك کەسێکی خاوەن هەست و نەست پیشانی خوێنەری داوە و شاعیر دەردەدڵی لەگەڵ دەکات، دڵی خۆی بۆ دەکاتەوە:

دەڕۆم تا سەر پێکەوەنێم

دەگەڵ زام و دەرد و ئێشم

شاعیر بۆ ئەوەی هەق بە مەینەتییەکانی خۆی بدا، کەسایەتی بە رەوشە زەحمەتییەکانی دەوروبەری خۆی دەدا، ئەو لە شەوگارێکی رەشی دووره وڵاتیدا، باڵی مرۆڤ بە تەنیایی دەبەخشێ، وەك ئەوەی بڵێ، ئەوانەی دیکە لە ژێر باڵی کەسە خۆشەویستەکانیانن، شاعیریش دەچێتە ژێر باڵی تەنیایی:

ئاخ، دیسان چوومە ژێر باڵی

ڕەشی شەوگاری تەنیایی

**بەرجەستەکردن (التجسیم):**

بەرجەستەکردن واتە گواستنەوەی واتا لە چوارچێوەی چەمکەکانەوە، بۆ مەتریالی هەستی "لەم شێوازەدا شتە واتاییەکان بە جۆرێك بەرجەستە دەکرێن، کە بە یەکێك یان زیاتر لە پێنج هەستەکە هەستیان پێ بکرێت، یان دەتوانین بڵێین مەبەست لە بەرجەستەکردن پیشاندانی شتە واتاییە رووتەکانە لە شێوەی شتی بەرجەستە و هەستپێکراودا"(32).

بەو شێوازە هێزی زمانی شاعیر پیشاندەدا، وەك ئەوەی هێز بە نان و شاخ و دار و بەرد بدەیت و هەست بە جوڵە و کار و کاردانەوەیان بکەیت "ئەو شێوازە هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە شاعیر بەهۆی خەیاڵ و زەین و ڕونییەوە دروستی دەکات و جەستە و خوێن و ڕۆح دەدات بە هەموو ئەو شتە مادی و مەعنەویانە وەکو گیانلەبەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و وایان لێدەکات بجووڵێن و ببینرێن وبڕۆن و بفڕن و جۆرە سیفەتێك بە خۆیانەوە بگرن"(33).

شاعیر جەستە بە دار و دیوار و بەرد دەدا، دەیەوێ ئەو حاڵە دەروونییەی خۆی لەو پاییزەدا توشی هاتووە، بەسەر ئەوانیشدا بسەپێنێ، بڵێ ئەوە هەر من نیم، رەنگ زەرد و نالەبارم، دیوار و بەردەکانیش رەنگیان گۆڕاوە، رەنگی پاییزیان گرتووە، ئەوە بەجەستەکردنی دیوار وبەردە، سیفەتی رەنگ گۆڕان و بە پاییزبوونیان پێدەبەخشێ:

تەنانەت ڕەنگی گۆڕاوە

ئەم دیوار و دار و بەردە

تەماشای هەر شتێ دەکەم

ڕەنگی پاییزی گرتووە

هەموو دیمەنەکانی دەوربەری هێمن لە بەرژەوەندی ئەو نین، لە هەموو لایەنەکانەوە مەینەتی هێرشی بۆ دێنێ، جودایی و دابڕان ئەگەر بۆ هەموو کەسێ دەردەسەری بێ، ئەوا بۆ شاعیر پلەیەك لەوەش زەحمەتترە، شاعیر سیفەتی ژەهر و تاڵی بە جودایی دەبەخشێ ، جودایی دەکاتە مەتریاڵ، وەك کەرەستەیەکی بەرجەستەکراو دەبێ لەبەردەست بێ و هەر دەشبێ ئەو ژەهراوە بچێژێ:

ئاخ، دەبێ دیسان بچێژم

ژەهراوی تاڵی جودایی!

شاعیر هەر بەوە نەوەستاوە، جەستە بە شتە مەعنەوییەکان ببەخشێ، بەڵکو سیفەتی شتە بەرجەستەکراوەکانیشی گۆڕیوە، جەستەیەکی دیکە و مەتریاڵێکی دیکەی لێ بەرهەمهێناوە، ئەو باسی ئەو کەسانە دەکا، کە وەك جەللادێك کەوتوونەتە گیانی ئەو نەتەوە ژێردەستە، بۆ ئەو کەسانە مانای شتەکان گۆڕاوە، دڵۆپی خوێنی لاوێ، کە مرۆڤ خۆی لەبەر ناگرێ و جەرگ بۆی دەتوێتەوە، کەچی بۆ ئەوانە وەك یاقووتێکی سوور و دەسکەوتێکی نەبڕاوەیە، ئەو فرمێسکەی لە چاوانی کیژێ، کە بۆ رۆژگاری تاڵی دەپڕژێ، ئەوان چێژی لێ دەبینن، وەك مرواری گرانبەها لە دیاری کەیف و سەفا دەکەن:

هەر دڵۆپی خوێنی لاوێ

بۆ وان یاقووتێکی سوورە

هەر تکەی فرمێسکی کیژێ

بۆ وان مرواریی بەرموورە

**جۆرەکانی وێنەی شیعری لە رووی وەستاو و جوڵاوەوە:**

لەو کاتەی شاعیر دەیەوێ وێنەی شیعری دروست بکا، بارودۆخی ئەو شت و دیاردەیە جۆری وێنەکە دیاری دەکا، ئەگەر لە بارێکی ناچالاکدا بێت، وێنەیەکی وەستاو و ئەگەر لە بارودۆخی بزاوتنیش بێت، وێنەیەکی جۆڵاو دروستدەبێت، دەشکرێت لە یەك وێنەدا هەردوو وێنەکە بکێشێ، خودی وێنەکە لە هەردوو بارەکەدا دەبێت.

**1- وێنەی وەستاو:**

وێنەکە لە تابلۆیەکی هونەری دەچێت، یان وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی وایە، بزاوتن و جوڵەی تێدا نییە "وێنەی وەستاو پیشاندانی باری وەستاوی شتێك یان دیاردەیەکە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا"(34).

ئەو وێنانە لە حاڵەتێکی ئارامی و سەقامگیریدان، جوڵە و بەردەوامی تێدا نییە، وەك (وەستان و پەککەوتن و چەقین و نووستن و نەبزوتن...) وەك پیشاندانی حاڵەتی چیایەك یان گرد و دار و بەردێك.

بە درێژایی قەسیدەی ئێوارەی پاییز، خوێنەر لەگەڵ شاعیر لە بارێکی نائارامی و پڕ جوڵەدایە، بۆیە شاعیر چەند جارێك هەڵوەستەیەك دەکا، تاوەکو هەناسەبڕکێی خوێنەر کەم بکاتەوە، پشوویەك بدەن، بۆئەوەی تاوەکو کۆتایی لەگەڵی بەردەوام بن.

دوای چوارده دووبەیت، دوای جوڵەیەکی بەردەوام، کە وەك کەشتییەك لەنێو زەریایەکی نەبڕاوەی ئاسۆ نادیاردا تەی دەکات، لە دووبەیتی پانزدەیەمدا کەمێك رادەوەستێ، ئەمجارە دیمەنێکی وەستاوی هزری خۆی پیشاندەدا، کە چۆن بە روویەکی گرژ و تورەوە، بە دڵێکی پڕ تاسە و مێشکێکی خاڵی لە جوانی لە نێو دەریای خەیاڵی خۆیدا مەلە دەکا:

نا نا نارۆم، مەلەی دەکەم

لەنێو دەریای مەندی خەیاڵ

داهێزاو و رووگرژ، توورە

دڵ پڕ تاسە، مێشك بەتاڵ

شاعیر وێنەی جادەیەکی چۆڵ و هۆڵ دەکێشێ، هیچ بزاوتن و جوڵەیەکی تێدا نییە، لەگەڵ تاریکی شەوێکی پاییزدا، نە کیژێ بەدەردەکەوێ و نە لاوێك بەوێدا تێدەپەڕێ، ئەوەیە ئەو وێنە وەستاوەی کە دڵی شاعیر خەمگین دەکات:

تا تاریکان پەیدا دەبێ

چۆڵ و چۆڵتر دەبێ جادە
نە دێتە دەر کیژی لەبار
نە ڕادەبرێ لاوی سادە

**2- وێنەی جولاو (الصورة المتحركة):**

ئەو وێنانە زادەی بیر و هۆشی فراوانی شاعیرە، وەك كائینێكی زیندوو دێتە پێشچاو "ئەو وێنانە دەگرێتەوە كە دۆخی گەشەكردن و بزاوتنی شت و دیاردەكان دەردەخات، جوڵەش جۆرە تازەگەری و زیندوویەك ئەخاتە سەر وێنە و جوانییەكیش بە تابلۆكە دەبەخشێت"(35).

لەم وێنەیەدا شاعیر پەنا بۆ ئەو وشانە دەبات، كە دیمەن و وێنەی جولاو و بەردەوامی پیشاندەدەن، خوێنەر زیاتر چێژ لەو دەقانە وەردەگرێت، كە ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە هەست بە زیندوویەتی وێنە دەكات "خوێنەر لە كاتی خوێندنەوەی بەیتە شیعرەكەدا هەست بە بونی جوڵە دەكات، ئەویش بەهۆی وشەكانەوە وێنەكە دەخەنە جوڵە و چەند ڕوویەك یان چەند بارێكی دەبێ بۆیە دەبێ بە چەند گرتەیەك (لقطة) لە چەند ڕوویەكەوە وێنە بگیرێ، ئەم جۆرە بونیاتەی وێنەی شیعری خاوەنی دینامكیەت و چالاكی و ڕانەوەستانە"(36).

شاعیر سوود لەم حاڵەتانە وەردەگرێ: ڕۆیشتن، فڕین، بازدان، خولانەوە، هەڵكشان، داكشان، كردنەوە، داخستن، هەڵوەرین... وەك بڵێی خوێنەر سەیری دیمەنێكی ڤیدیۆیی دەكا، نەك دەقێكی مردووی لەبەردەستدا بێ "وێنەی جووڵاو ئەو وێنەیەیە كە تیشكەكانی لە گەشەسەندن نەكەوتن و سنوورەكان ناتوانن بەربەستیان بكەن، بەڵكو بەردەوام تیشكی نوێ دەبەخشن و گەشە دەكەن"(37).

**وێنەی جولاویش ئەم ئاراستانەی دەبێت** (38):

**1- جوڵەی بەرەو سەرەوەی وێنە:** ئەو وێنانەن سەركەوتن و بەرزبوونەوەی تێدایە، هێمن شاعیری بەرزی و سەركەوتنە، بەلام ئەگەر بەرزبوونەوەیەك بە دڵی ئەو نەبێ، دیمەنێكی وا پیشاندەدا، وەك ئەوەی كەسێ بچێتە سەر لوتكەی چیایەك و لە پێش چاوی ئەوانەی دیكە، تەنیا ڕەشییەكی بچووكی كەم بایەخ بێ، هێمن یەخەی قەلەڕەشی گرتووە، قەلەڕەش ئەگەر سیمبولی شوومی بێ، بشفڕێ بە ئاسماندا لە چاوی شاعیردا هیچ نییە، جگە لە بچووكبوونەوە ورووڕەشی هیچی دیكەی بۆ نامێنێتەوە:

پاساریی سەرداری كۆڵان
فڕە و جیكەیان لێ برا
قەل فڕی... فڕی... تا ون بوو
هەر ڕووڕەشیی خۆی پێ برا

2- **جوڵەی بەرەو خوارەوەی وێنە:** ئەمە بە پێچەوانەی وێنەی یەكەم، دابەزین و بەرەو خوارچوونە، بۆ هێمن هەموو ڕێگەكان، ئیلهامی شیعر و جوڵە و جوانییە، لە خەزانی گەڵایەكی پاییز، لە كەوتنەخوارەوەی لق و پۆپی دارێك، وێنەیەكی جولاو دروستدەكا، بێ ڕەحمی پاییز لای شاعیر لەوەدایە، كەوتنە ژێر پێی و لە ژێر كەوتنیش بۆ گەڵایەك بە ڕەوا نابینێ، با و گەردەلوول و زریان لە دارەكە دووری دەخاتەوە، لەگەڵ خۆی بەرەو عەدەم و فەوتان دەیبات:

گەڵای زەردی دارێك وەری
زریان بردی بەرەو نەمان

**3- جوڵەی بازنەیی وێنە:** ئەو وێنانەن لە بە دەوری خاڵێکی دیاریکراودا دەسووڕێنەوە، رۆژمێری هێمن پڕە لە خولانەوە بە دەوری خۆیدا، کە رۆژێکی ژیانی تێپەڕ دەبێت، چاوەڕێی دووبارەبوونەوەی دەردی رۆژانی رۆیشتوویەتی، بۆیە لە سێ دووبەیتی بەدوا یەکدا پێنج جار وشەی (دیسان) بەکاردێنێت، ئاخێك هەڵدەکێشێت، بۆ درانی ڕووپەڕێك لە رۆژگاری تەمەنی:

ئاخ، دیسان شەو داهاتەوە

من هەروا دوورە وەتەنم!

دووری لە نیشتمان و دڵشکان، سووڕانەوەی شاعیرە بە دەوری میحنەتدا:

ئاخ، دیسان چوومە ژێر باڵی

ڕەشی شەوگاری تەنیایی!

ئاخ، دەبێ دیسان بچێژم

ژەهراوی تاڵی جودایی!

ئاخ، دیسان دەبێ ڕابوێرم

لە ژوورێکی سارد و سڕدا!

**4- جوڵەی پێچەوانەی وێنەیی:** لەو وێنەیەدا دوو جوڵەی ئاراستە جیاواز پێکەوە دەبن، هێمن شاعیری کۆکەرەوەی دژ بەیەکەکانە، ئەو دەتوانێ بە کەرەستەی جوان و دزێو، بە سارد و گەرم، نەرم و زبر، رۆژ و شەوەزەنگ، بە پێکەنین و هەنسکی گریان، بە قاقا و فرمێسك و دەنگی لەرزۆك وێنە پێچەوانەکان کۆبکاتەوە.

هێمنی وەستای وشە، لە رێگەی دوو وشەی دژ بەیەکەوە، وێنەی پێش و دواوەی خۆی پیشاندەدا، وەك ئەوەی کامێرامانێ تەواوی وێنەکە بگرێ، ئەو راکە راکەی وێنەگرێ بە دوای کەسێکەوە، تاوەکو تەواوی گۆشەکان وێنە بگرێ، هێمن لە بەیتێکدا نمایشی دەکات:

ئارام ئارام بەلۆژە لۆژ

ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە

نە کەس لە پێشمدا دەڕوا

نە کەس دیارە بەدوومەوە

**وێنەی جولاو لە ئێوارەی پاییزدا**

هێمن بە ناونیشانێك، باشترە بنووسم بە پارچەیەك لەو دیمەنە گشتییە دەستپێدەکات، کە دەیەوێت وەك فیلمێك نمایشی بکات، خوێنەری ئامادە دەکات، ئەوا چیرۆکی ئێوارەی پاییزەکەی بەڕێوەیە، بەسەرهاتی (ئێوارەی پاییز).

لەو پاییزەدا رۆژ بارگە و بنەی تێکدەنێت و بەرەو هەوارێکی دیکە کۆچ دەکات، ئەو پاییزە نەك لە شوێن و گوندێکی دوورە دەستەوە، بەڵکو هێندە دوورە ئەو تروسکە ئاسۆیەی کە جێگەی ئومێد بوو، ئاوابوو، وەك ئەو بووکەی لە یەکەم شەویدا، کە تازە دەستی بە رووناکییەك گەیشتبوو، رووناکییەك لە یەکەم ساتدا نائومێدی و مات و خامۆشی دەکات، تروسکاییەکەی دەکوژێتەوە:

لە ئاسۆیەکی دوورە دەست

ئاوابوو زەردەی پاییزی

دەتگوت بووکێکی بێ نازە

پەردە جێ دێڵێ بە زیزی

شاعیر ئامادەکاری زیاتر دەکات، بۆ پیشاندانی ڤیدیۆیە تراژیدیایەکەی، ئەو رێگەیەش لە خوێنەر دەگرێت، کە کاتێك نائومێدی رووی تێدەکات، سەر بۆ ئاسمانی شین بەرز دەکاتەوە، بەڵام رەوشەکەی شاعیر زۆر لەوە خراپترە، هەوری رەش ئاسمانی تەنیوە، ئەو گەڵا هەڵوەریوانەی کە سووکنایی دڵن ولە پێش چاوان کەوتوون، زریانی بێ رەحم ئەوانیش دەبات:

پەڵە هەورێکی چڵکنە

گرتی سووچێکی ئاسمان

گەڵای زەردی دارێك وەری

زریان بردی بەرەو نەمان

لێرەدا ئەو پەڵە هەورە نەگریسە بووەتە دێوەزمەیەك و توانای بیرکردنەوە و بڕیاردانی هەیە، بە ئەنقەست دەیەوێ خەمێکی دیکە بخاتە سەر خەمەکانی شاعیر، دەچێت لایەکی دیکەی ئاسۆی ئاسمانی لێدەگرێ، پاشان بەوەش ڕاناوەستێ، وێنەیەکی جوڵاوی جوان بەدوای خۆیدا دەهێنێ، زریانی شووم تەنانەت گەڵا زەردەکانیش بەرەو لەنێوچوون دەبات، لێرەدا زریان وێنەیەکی جوڵاوی هەیە، هەست و ویستی هەیە و لە دیدی شاعیردا لە پرۆسەکەی بەردەوامە.

ئەمجارە شاعیر دیمەنی بەستەزمانی باڵندەیەك پیشاندەدا، شاعیر لەو هەموو دیمەنە، نمایشی ژیانی جووتە کۆترێك دەکا، ئاخر مەگەر کۆتر وەك شاعیر بێدەسەڵات بێت و لە سووچێکدا هەڵبکورمێن، جا جووتە کۆتری شاعیر هێلانەشیان نییە، تەنیا گومان دەکەن لەو دەوروبەرانە لانەیەك هەبێت:

جووتێك کۆتری سەر بەکڵاوە

هەڵکورماون لە سوانەیەك

دیارە لەو دەوروبەرانە

پێیان شك دێ هێلانەیەك

هێمن بەردەوام دەبێت لە وێناکردنی نەهامەتییەکان، لە خاڵێکدا دەگاتە ترۆپکی وێنە گشتییەکە "هێمن دیوی دووەم، یا دیوی ناوەوەی وێنەکەمان نیشان دەدات، کە ڕووە دزێوە و ناشرینەکەی ژیانی کۆمەڵایەتی چینایەتییە، کۆمەڵێك کە لە سەر سوود و قازانج و بەرژەوەندی تاکە کەس بنیات نرابێت، ئەو تاکانەی لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەت دا، لە هیچ شتێ ناپرینگێنەوە"(39). وێنەکە بەشێوەیەکە، وەك ئەوەی هێمن فرمێسکی لە چاودا قەتیس مابێت و بۆ ئەوانەی دیکەش چیرۆکی فرمێسك بگێڕێتەوە، وێنە یەك لەدوا یەکەکانی هێمن دەستپێدەکەن:

بەڵێ هەن و یەکجار زۆرن

بازرگانی فرمێسك و خوێن

بەڵێ هەن وپێ دەکەنن

بە سەر بە هەش، بە مل بە کوێن

لە وێنەکاندا هێمن بە ئاسانی دڵی داناکەوێت و لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی وشە و ئامرازەکان، پێداگری دەکات لەسەر تەواوی لاینەکانی وێنەکە، دەیەوێ وێنە گەورەکە پیشان بدا، سێ جار بەدوای یەکدا (بەڵێ هەن) بۆ بازرگانی فرمێسك و بۆ ئەوانەی هۆکاری ماڵوێرانی خەڵکن دەڵێتەوە، تەنانەت لە یەك نیوە بەیتدا لەگەڵ چوار وشەی جیاوازدا چوار جار ئامرازی پەیوەندی (بە) دووبارە دەکاتەوە.

هێمن بگاتە ترۆپکی وێنە جوڵاوەکە، لەوێدا ڕاناوەستێ، دەیەوێت لە لوتکەدا بمینێتەوە، لوتکەی نائومێدی، بە پێکەنینی زاڵم و هەنیسکی هەتیو ئەم وێنە جوڵاوە لەبەرچاوە بنیات دەنێ :

بەڵێ هەن وپێ دەکەنن

بە من، بە تۆ، بە هەزاران

بە داخی باوك کوژراوان

بە هەنیسکی هەتیوباران

(بەڵێ هەن)ی هێمن تەواو نابن، چۆن تەواو دەبێت؟ کاتێ بە حاڵی باوك کوژراوان پێبکەنن، کاتێ بە هەنسکی گریانی هەژاران قاقا بکەن.

هێمن لە ڕێگەی دەیان دیمەنەوە، وێنەیەکی جوڵاوی بە تەواوی شیعرەکە داوە، ئەمانە بەشێکن لە وێنە جوڵاوەکان، کە زاڵن بە سەر تەواوی شیعرەکەدا، ئەوە ئەو دیمەنانەن کە دەکرێ، دووبارە بکرێنەوە بە وێنەی ڤیدیۆیی و ڕۆژگاری پاییزی شاعیر تۆمار بکرێنەوە، ئەمانە بەشێکن لە کرۆکی وێنەی جوڵاوی ئێوارە پاییزەکەی هێمن:

بووکێکی بێ ناز پەردە بە زیزی جێدێڵێ
پەڵە هەورێکی چڵکن سووچێکی ئاسمان دەگرێ
زریان گەڵا هەڵوەریوەکان لەگەڵ خۆی دەبا
هەڵکورمانی جووتە کۆترێك لە سووانەیەکی خانوویەکدا
پاساری سەر داری کۆڵان و فڕینی قەلەڕەش
بیستنی شەپۆلی مۆسیقا
باربەرێك کۆڵێ دەباتە ژوورەوە
مام حاجی دووکانەکەی دادەخا و بەرەو ماڵ دەڕواتەوە
چارشێو بەسەرێك بە تەنیشتیدا تێپەڕ دەبێ
رووتەڵەیەك بە غار دێت و توند دەقیژێنێ
لاوێك لە جادە پیاسە دەکا
کیژێك دەرگای حەوشە پێوە دەدا
سەیرکردنی ئاسمان و چاوتێبڕینی
بەلۆژەلۆژ بەرەو ماڵ چوونەوە
ڕۆیشتن بە ترس ولەرزەوە
پێکەنین و قاقای کەسێك لە دوورەوە
کەسێ بە دەنگێکی نەرم ولەرزۆکەوە جواب دەداتەوە
نووکە نووکی بێوەژن
هانەهانی ماندووان
زیرەزیری منداڵان
نووزەی نیوە زیندووان
نەڕەنەڕی جەللادان
قرمەقرمی شەست تیران
ویرەویری قامچی بەدەستدان
ئەشکەنجەدانی ڕووناکبیران...

**ئەنجام:**

-وێنەکانی قەسیدەی ئێوارەی پاییز زۆر سەرکەوتووانە پێکەوە بەستراون، وەك زنجیرەیەکی نەپساوە بەدوای یەکدا هاتوون، هەست بەوە ناکرێ، ئەوانە لە یەکتر جودان یان دابڕان لەنێوانیاندایە، لە ڕێگەی کۆمەڵێك وێنەی جوڵاوەوە، کە بە هەست و سۆزی ناسکەوە نمایش کراون، جوانی و ئیستاتیکای شیعری ئێوارەی پاییز دەنەخشێنێت.

-ئەو نەفەسە درێژە شیعرییەی، کە شاعیر لە قەسیدەیەکی وادا هەیەتی، خوێنەر وێنە بە وێنە لەگەڵ خۆی دەبات و تاوەکو کۆتایی بەردەوامی پێدەدات، چێژ و سیحری ئێوارەی پاییز لە نەفەس درێژی و بەردەوامی وێنەکاندایە.

-وێنەی شیعری جوڵاو زاڵە بەسەر تەواوی قەسیدەی ئێوارەی پاییزدا، شاعیر جوڵەی بە رووحی وێنەکان کردووە، وێنەی چالاك و کارا و بزێو، وێنەیەکی زیندووی پاییزی حەسرەت و نائومێدی دروستکردووە.

- شاعیر سوودی لە هەموو ئەو وێنانە بینیوە، کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن، بە هەستی بینین وێنەی تراژیدی و لەبەرچاوی دروستکردووە، دەیان ئاواز و دەنگی غەریب و سامناك، کە گوێی مرۆڤ پڕ دەکا، بۆنی سووتماك و چڕە دوکەڵ خوێنەر هەستی پێدەکا، چەشتنی ئازاری شاعیر دەبینێ، وا دەکات خوێنەر لەگەڵ خۆی دەستلەملانی ئازارەکانی بێ.

-ئەو وێنانەی کە شاعیر کێشاونی، وێنەیەکی نالەباری سەردەمەکەیەتی، کە پڕە لە دزێوی، لە تفتی و تاڵی، لە حەسرەت و نائومێدی، تەنیا تروسکایی ئومێدی شاعیر کە هەبێ، ئەوەش تەنیا لە پێناو بەردەوامی و خۆڕگری بووە، وەك ئەوەی بە زۆر پێی نووسرابێتەوە.

-لە ئێوارەی پاییزدا وێنەی مرۆڤێکی تێکشکاو، ئەمما خۆڕاگر و خاوەنی ئاسۆ روون پیشاندەدا، لەو ئێوارەیەدا کوردێکی بێدەرەتان، ماڵوێران، مات و کڵۆڵ، نائومێد و ژیان شێواو دەردەکەوێ، شیعرەکە بە شێوەیەکە وەك ئەوەی خوێنەر خۆی وێنەی ئەو ساتانە ببینێت.

-لەگەڵ بەردەوامی شەپۆلی وێنەکان، ناوە ناوە هێمن لە کەنارێکدا لەنگەر دەگرێ، وێنەیەکی وەستاو دروستدەکا، هەڵوەستەیەك بە خوێنەر دەکا، پشوویەك دەدا و دەیەوێ خوێنەر لەگەڵی بەردەوام بێ.

-وێنە جوڵاوەکانی قەسیدەکە، هەموو بارەکانی وێنەی شیعری تێدایە، ئاراستەی بەرەو بەرزی، بەرەوە نزمی و دابەزین، خولانەوە بە دەوری خۆیدا، بە جوڵانەوەی ئاراستەی جیاواز و دژیەك وێنەی جوڵاو دروستدەکا، هەروەها کۆکەرەوەی ئاراستە دژبە یەکەکانە.

-شاعیر لە هونەری شێوازی ئاڵوگۆڕی درکپێکراودا، سوودی لە هەردوو هونەری بەکەسکردن و بەجەستەکردن وەرگرتووە، لە ڕێگەی بەکەسکردنەوە وێنەیەك پیشانی خوێنەر دەدا، نالەباری ڕەوشی کۆمەڵگە و خراپی باری دەروونی خۆی دەردەخا، لە بەرجەستەکردنیشدا هەر سیفەتێکی ویستبێ بە شتە مەعنەوییەکانی داوە، تەنانەت سیفەتی ماددە بەرجەستەکراوەکانی دەوروبەری گۆڕیوە و جەستەی نوێ و سیفەتی دیکەی پێبەخشیون، بێ ئەوەی خوێنەر هەست بە نارێکی و ناتەبایی سیفەت و بەرجەستەکراوەکان بکات.

-ئەو قەسیدەیە توانای شاعیر وەك زمانزانێکی لێهاتوو دەردەخا، وشە لەبەردەستی ئەودا، وەك ماددەیەکی خاو و نەرم و لەبەردەست بووە، چۆنی ویستووە، ئەوها وێنەی لێ دروستکردووە.

**پەراوێزەکان:**


1. ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی، کوردستانی عێراق (1950-1970)، جەبار ئەحمەد حسێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2008، ل 94.
2. لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خوارووودا، ئاشنا جەلال ڕەفیق، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2014، ل 243.
3. أهمية الصورة الشعرية ووظيفتها عند هشام القيسي، د. جمال خضير الجنابي، رؤي للطباعة والنشر، بغداد، 2015، ص 29.
4. الصورة عدوفي الشعر المتنبي، الدكتور نوزاد شكر الميراني، دار الزمان، دمشق، الطبعة الاولى، 2010، ص 15.
5. الدرجة الصفر للكتابة، رولان بارت، ترجمة محمد برادة، الشركة الغربية للناشرين المتحدين، الرباط ، الطبعة الثالثة، ص 9.
6. بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، د. فەرهاد قادر کەریم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم، 2012، ل 35.
7. ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی، کوردستانی عێراق (1950-1970)، جەبار ئەحمەد حسێن، ل 95.
8. هەمان سەچاوە، ل 94 و95.
9. ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەممەد نووری دا، ڕزگار عومەر فەتاح، چاپخانەی موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم، 2014، ل200.

10. جماليات التشخيص، سردار خالد اسماعيل، دار تموز، ديمشق، الطبعة الاولى، 2017، ص 204.
11. بنياتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، سامان عیزەدین، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2010، ل 27.
12. بڕوانە: بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، د. فەرهاد قادرکەریم، ل 67-74.
13. وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا، عەبدولقادر محەممەد ئەمین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002، ل 12 .
14. الصورة، المكونات و التأويل، غني غويتي، ترجمة: سعيد بنكراد، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، الطبعة الثانية، 2013، ص 10.
15. أهمية الصورة الشعرية ووظيفتها عند هشام القيسي، د. جمال خضير الجنابي، رؤى للطباعة والنشر، بغداد، 2015، ص 29.
16. ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەممەد نووری دا، ڕزگار عومەر فەتاح، ل 56.
17. هەمان سەرچاوە، ل 215.
18. چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، مامۆستا هێمن، چاپەمەنی سۆران، سۆران، 2014. ل 26.
19. رووخساری شیعری هێمن لە دیوانی ناڵەی جوداییدا، محەمەد عوسمان محەمەد، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، 2017، ل 106.
20. هەواری خاڵی (سەرجەمی نووسینی هێمن)، بەرگی دووەم، بەسەرپەرشتی: بەدران ئەحمەد، عوسمان دەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003، ل 20.
21. لە ماتەمینی هێمندا، گرد و کۆی: عوسمان دەشتی و عەلی بداغی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2014، ل 161.
22. الصورة الادبية، الدكتور مصطفي ناصف، دار الاندلوس، بيروت، دون تاريخ، ص ، 58.
23. بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، د. فەرهاد قادرکەریم، ل 37.
24. ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەممەد نووری دا، ڕزگار عومەر فەتاح، ل 62.
25. ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەممەد نووری دا، ڕزگار عومەر فەتاح، ل 63.
26. هێمن، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی، د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چاپی دووەم، 2009، ل 126.
27. بڕوانە: بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، د. فەرهاد قادرکەریم، ل 263-280.
28. بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، د. فەرهاد قادرکەریم، ل 265.
29. هەموو ئەو شیعرانەی بەکارهاتوون لە (دیوانی هێمن (سەرجەم شیعرەکانی مامۆستا هێمن)، چاپ و پەخشی چوارچرا، سلێمانی، 2008) وەرگیراون، لە لاپەڕە 287-292، تەنیا لە یەکەم شیعردا پەراوێزی بۆ نووسراوە، لەوانەی دیکە نانووسرێن، هەمان سەرچاوەن.
30. بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، هاوژین سلێوە عیسا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2009، ل 89.
31. بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، د. فەرهاد قادرکەریم، ل 244.
32. بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، د. فەرهاد قادرکەریم، ل 248.
33. بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، هاوژین سلێوە عیسا، 2009، ل 85.
34. بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، د. فەرهاد قادرکەریم، ل 281.
35. بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، د. فەرهاد قادرکەریم، ل 284.
36. وێنەی شیعری لای نالی، هیتلەر ئەحمەد حەمە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، 2001، ل 111.

37. بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، هاوژین سلێوە عیسا، ل 179.
38. بڕوانە: بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، د. فەرهاد قادرکەریم، ل 284-286.
39. هێمن، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی، د. عوسمان دەشتی، ل 126


**سەرچاوەکان**

**کوردی:**

١-ئیستاتیکای دەق شیعریی کوردی، کوردستانی عێراق (1950-1970)، جەبار ئەحمەد حسێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2008.

2-بارگەی یاران (سەرجەمی شیعری هێمن)، بەرگی یەکەم، بەسەرپەرشتی: بەدران ئەحمەد، عوسمان دەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003.

3-بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، هاوژین سلێوە عیسا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2009.

4- بنیاتی هونەریی لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، سامان عیزەدین، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2010.

5- بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، د. فەرهاد قادرکەریم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم، 2012.

6-چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، مامۆستا هێمن، چاپەمەنی سۆران، سۆران، 2014.

7- رووخساری شیعری هێمن لە دیوانی ناڵەی جودایيدا، محەمەد عوسمان محەمەد، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، 2017.

8- رۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەممەد نووری دا، رزگار عومەر فەتاح، چاپخانەی موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم، 2014.

9- دیوانی هێمن (سەرجەم شیعرەکانی مامۆستا هێمن)، چاپ و پەخشی چوارچرا، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2008.

10- هەواری خاڵی (سەرجەمی نووسینی هێمن)، بەرگی دووەم، بەسەرپەرشتی: بەدران ئەحمەد، عوسمان دەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003.

11- لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خوارووا، ئاشنا جەلال رەفیق، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2014.

12- لە ماتەمینی هێمندا، گرد وکۆی: عوسمان دەشتی وعەلی بداغی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2014.

13- هێمن، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی، د. عوسمان دەشتی، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2009.

14- وێنەی شیعری لە رێبازی رۆمانسیی کوردیدا، عەبدولقادر محەممەد ئەمین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.

15- وێنەی شیعری لای نالی، هیتلەر ئەحمەد حەمە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، 2001.

**عەرەبی:**

16- أهمية الصورة الشعرية ووظيفتها عند هشام القيسي، د. جمال خضير الجنابي، رؤي للطباعة والنشر، بغداد، 2015.

17- الدرجة الصفر للكتابة، رولان بارت، ترجمة محمد برادة، الشركة الغربية للناشرين المتحدين، الطبعة الثالثة، الرباط، دون تاريخ.

18- جماليات التشخيص، سردار خالد اسماعيل، الطبعة الاولى، دار تموز، ديمشق، 2017.

19- الصورة الادبية، الدكتور مصطفي ناصف، دار الاندلوس، بيروت، دون تاريخ.

20- الصورة، المكونات والتأويل، غني غويتي، ترجمة: سعيد بنكراد، الطبعة الثانية، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، 2013.

21- الصورة عدو في الشعر المتنبي، الدكتور نوزاد شكر الميراني، الطبعة الاولى، دار الزمان، دمشق، 2010.